# شێوازەکانی فێربوون و پەیوەندی بە ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ (هەڵهێنجراو)

پ.د . حسن فخرالدين خالد[1]، [2]خوێندکاری دکتۆرا ئاراس عثمان محمد

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت - بەشی باخچەی منداڵان[1،2]

[1]Hassan.khallid@univsul.edu.iq

[2]Aras.osman@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ئاستی شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە بە گشتی لای خوێندکاران، زانینی جیاوازی نێوانیان بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن، زانینی ئاستی پەیوەندی لەنێوان شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە، توێژەر میتۆدی پەسنی(وەسفی) پەیوەندی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ خوێندنی بەیانیان کە ژمارەیان (٢٠٦٤٠) خوێندکارە، نموونەی توێژینەوەکە (٩٣٤) خوێندکاری نێر و مێیە بە شێوەی هەڕەمەکی چینی گونجاو هەڵبژێردراوە، ئەو ئامرازانەی بەکارهاتووە، بریتییە لە پێوەری (شێوازەکانی فێربوون) توێژەر خۆی لەسەر بنەمای بوارەکانی مۆدیلی کۆڵب بۆ شێوازەکانی فێربوون لە ڕیگەی ڕاپرسی کراوە وە لای شارەزایان و پسپۆڕان و خوێندکاران دروستی کردووە، وە پێوەری (ڕەفتاری دۆزینەوە) توێژەر خۆی بنیاتی ناوە، لە گرنگترین ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکارهاتووە بریتییە لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، پیرسۆن، تاقیکردنەوەی T-test). لە ئەنجامدا دەرکەوت: ئاستی شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە ئاستێکی بەرزدایە، بوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێ، بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن بۆ شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە لە بەرژەوەندی پسپۆڕی زانستی بوو، پەیوەندی نێوان شێوازەکانی فێربوون بە ڕەفتاری دۆزینەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە و بە زیاد بوونی ئاستی هەر یەکێکیان ئەوی دیکەشی ئاستی بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە، لە کۆتایدا توێژەر لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی پێشکەش کرد.

.

**وشە کلیلییەکان:** شێوازەکانی فێربوون، ڕەفتار، ڕەفتاری دۆزینەوە، خوێندکاری زانکۆ. .

## یەکەم: چوارچێوی گشتی توێژینەوەکە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە

قۆناغی زانکۆ بە یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی ئەکادیمیی تاک دادەنرێت. لەم ماوەیەدا، خوێندکار ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی قووڵی مەعریفی، دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر شارەزایی و تواناکانیان دادەنێن. ئەم قۆناغە بە وێستگەیەکی یەکلاکەرەوە دادەنرێت بۆ گۆڕینی بیرکرنەوەی تاک لە وەرگرێکی بێدەنگەوە بۆ توێژەرێکی کونجکۆڵ و چالاک، ئەمەش پێویستی بە ئامادەییەکی مەعریفی هەیە بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییە زانستییەکاندا هەنگاو بنێت، هەر بۆیە ئامادەکردنی خوێندکار لەم قۆناغەدا تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە نییە، بەڵکو بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی بیرکەرەوە و داهێنەرە.

شێوازەکانی فێربوون یەکێکە لە چەمکە گرنگەکان کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی پرۆسەی فێرکردن هەیە. جیاوازی تاکەکەسی وا دەکات هەر خوێندکارێک ڕێگایەکی تایبەت بگرێتەبەر بۆ وەرگرتن و شیکردنەوەی زانیارییەکان، کاتێک خوێندکار ئاگاداری شێوازی تایبەتی خۆی نەبێت یان ژینگەی خوێندنەکەی لەگەڵ شێوازەکەیدا نەگونجێت، گرفت لە بەدەستهێنانی زانست و گەشەپێدانی تواناکانیدا دروست دەبێت و پرۆسەی فێربوون لە جیاتی داهێنان تەنها لە وەرگرتنی زانیارییدا کورت ئەبێتەوە و ئەبێتە پرۆسەیەکی چەندێتی نەک چۆنێتی، چونکە سەرکەوتنی خوێندکار تەنها پەیوەست نییە بە ڕادەی زانیاری و توانای عەقڵییەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەستە بەو ستراتیژی و ڕێگایانەی بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی فێربوونی خۆی بەکاریان دەهێنێت. شێوازەکانی فێربوون تەنها ڕێگایەک نییە بۆ خوێندن، بەڵکو ئەو میتۆدە تایبەتانەن خوێندکار بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی پرۆسە فێرکارییەکان پەیڕەوی دەکات. ئەم شێوازانە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێن و لەژێر کاریگەریی فاکتەری ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و سۆزدارییدان.

ڕەفتاری دۆزینەوە، بریتییە لەو چالاکییە مەبەستدارانەی تاک ئەنجامیان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، ناسینی شتە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

نوێیەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان پارچە زانیارییە جیاوازەکاندا. ئەم ڕەفتارە پاڵنەری سەرەکیی کنجکۆڵی و حەزی شارەزاییە. ئەم جۆرەی ڕەفتار لە قۆناغەکانی سەرەتای منداڵییەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ گەشەی مەعریفیی تاکدا پەرە دەستێنێت. لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕەفتارە چیتر تەنها حەزێکی ئاسایی نییە، بەڵکو شارەزاییەکی بنەڕەتییە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەردەوامبوون لەسەر فێربوونی درێژخایەن، ئامانجی بنەڕەتی زانکۆ پێگەیاندنی خوێندکارێکە خاوەنی ڕەفتاری دۆزینەوە و حەزی کونجکۆڵی بێت تەنها بە پرۆگرام و بابەتە دیاری کراوەکان ڕازی نەبێت، بەڵکو بەدوای سەرچاوەی نوێدا بگەڕێت و پرسیار بکات و زانیاریەکان بەراورد بکات، پەیوەندی نێوان چەمکەکانی ئەم توێژینەوە لێرە دەردەکەوێت، هەماهەنگی لەنێوان شیوازی فێربوونی خوێندکار و ژینگەی خوێندنەکەی، یان نەزانینی شێوازە گونجاوەکەی خۆی، ئەبێتەهۆی کپکردنی حەزی دۆزینەوە و کنجکۆڵی لای خوێندکار، کێشەی سەرەکی لێرەدا سەرهەڵدەدات بەشێکی زۆری خوێندکاران توشی جۆرێک لە پاشکۆیەتی بوون و ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوەیان لاوازە، بە جۆرێک تەنها پشت بە ئەو مەلزەمە و کورتکراوانە دەبەستن مامۆستایان پێیان دەدەن، خۆیان لە دواداچوونی بابەتی و زانستی دەدزنەوە، ئەمەش وای کردووە لە کاتی گفتوگۆ و خستنەرووی زانیارییەکان دودڵ بن لە بیرۆکەی نوێ و پرسیارکردن. هەستکردن بەم بۆشاییی و کەلێنە زانستییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە توێژەر خۆی بۆ ماوەی پازدە ساڵ زیاترە لەناو ژینگەی زانکۆدا کاردەکات و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم گرفتەیە، توێژەر تێبینی ئەوەی کردووە، بەهۆی ڕیکنەکەوتن لە شیوازەکانی فێربوون لەگەڵ جیاوازییە تاکایەتییەکانیاندا، ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوەیان بەپێی پێویست نییە، تێبینی یە مەیدانەکانی توێژەر پاڵنەر بووە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە تاوەکو وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە و شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکاری زانکۆ لە چ ئاستێکدایە و چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە؟

**١-٢ گرنگی توێژینەوە**

گەشەسەندنی خێرایی جیهانی ئەمڕۆ جەخت لە گرنگی پەروەردە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا دەکاتەوە، کە تێیدا خوێندنی زانکۆیی وەک لوتکەی هەرەمی پرۆسەی فێربوون ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە داڕشتنی عەقڵییەتی نەتەوە بۆ پێگەیاندنی تاکی بە توانا و شارەزا و بەهرەدار(فتاح، ٢٠٢٤: ٣). زانکۆکان پێویستە دەرهاویشتەی کوالیتی بەرز بەرهەم بهێنن و گرنگی بە بنیاتنانی کەسایەتی خوێندکاری خودئاگا بدەن کە توانای بڕیاردانی دروست و گونجانیان هەبێت(جبر، ٢٠١٨ :٨٥٨). هەروەها خوێندنی زانکۆیی ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیری لەسەر بنەمای دیالۆگ و بیرکردنەوەی لۆژیکی(ئەحمەد، ٢٠٢٣: ٧). پرۆسەی پەروەردە گرنگی بە فێربوون و پەرەپێدانی زیرەکی دەدات، تێیدا فێرخواز تەوەرە و ئەرکی سەرەکی فێربوون و جێبەجێکردنی کارامەییەکانە (ڕۆستەم، ٢٠٢٣: ٧). هەر لەم چوارچێوەیەدا فێربوون پێویستییەکی ژیانییە و بنەمایەکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و شارەزایی(الهداوي و الحجامي، ٢٠١٩: ٤). گرنگی فێربوون لەوەدایە پێویستە جیاوازییە تاکایەتییەکانی فێرخوازان لەبەرچاو بگیرێت(الدردير، ٢٠٠٤: ١٣٩). توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە شێوازەکانی فێربوون ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە پرۆسەی فێربووندا( Felder & Spurlin, 2005)و ڕێگای سەرەکین بۆ ڕوودانی فێربوون (الكبيسي والداهري، ٢٠٠٠: ١٢٤)، لەم دواییانەدا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی فێربوون دراوە، چونکە دەرکەوتووە سەرکەوتن یان شکستی فێرخوازان پەیوەستە بە سیفاتە کەسییەکانیانەوە(سالم و مختار، ٢٠١٠: ٤)، کاریگەرییان لەسەر هەموو ئاستەکانی پەروەردە لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ هەیە(Pashler et al, 2009;105). ڕەفتاری دۆزینەوە پەیوەندییەکی بەهێزی بە فێربوون و گەشەی مەعریفییەوە هەیە و توانای چارەسەرکردنی کێشە بەهێز دەکات(Gibson, 1988). ئەم ڕەفتارە، لە حەزی زانینەوە سەرچاوە دەگرێت (الدسوقي، ٢٠٠٦: ٣١٣)، یارمەتی تاک دەدات زانیاری لەسەر ژینگە بەدەستبهێنێت(Wlliams,2003). و تێگەیشتن لێی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ژینگەی پەروەردەیی گونجاو( Kawa & Pisula, 2012;21)، چەندین توێژەر جەختیان لەسەر گرنگی ڕەفتاری دۆزینەوە کردووەتەوە لە بنیاتنانی لایەنە دەروونی و مەعریفییەکانی تاکدا(ابراهيم،٢٠١٣). زۆرێک لە وڵاتان گرنگی بە پەرەپێدانی دەدەن، چونکە پەرەپێدانی مێشک بووەتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان. دۆزینەوە تواناکانی مێشکی فێرخوازان پەرە پێدەدات و متمانەبەخۆبوونیان زیاد دەکات(العزاوي، ٢٠٠٩: ١٥٧). ئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی دەرئەنجامی ئەرێنی(جعفر و حميد، ٢٠١٥: ١٥٦)، و جەخت کراوەتەوە لەسەر گرنگیی بەکارهێنانی وەک پاڵنەرێک لە وانەوتنەوەی بابەتەکانی خوێندندا بۆ گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤ(جروان، ٢٠١٣: ١١٥).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەبارەت بە شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە خرایەڕوو، دەتوانرێت گرنگ توێژینەوە کە لەم دوو خاڵەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم: گرنگی تیۆری :**

گرنگی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت بەپێی ئاگاداری توێژەر تا ئێستا لە کتێبخانەی کوردی لەسەر ئاستی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هیچ توێژینەوەیەک نییە بەم شێوەیە هەردوو گۆڕاوی شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوەی پێکەوە بەستبێتەوە بۆیە گرنگییە تیۆرییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١. گرنگی قۆناغی زانکۆ وەک قۆناغێکی باڵای ئەکادیمی تێیدا چاوەڕوانی لە خوێندکار دەکرێت لە وەرگرەوە ببێت بە کەسێکی شارەزا و بەتوانا و توێژەر.

٢. خستنە ڕووی گرنگی شێوازەکانی فێربوون وەک دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوان خوێندکاران لە پرۆسەی وەرگرتنی زانیارییدا.

٣-بایەخدان بە چەمکی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکاری زانکۆ، بە پایەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ گەشەپێدانی لایەنی مەعریفی و زانستی.

**دووەم: گرنگی پراکتیکی:**

گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە:

١-هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی و مەیدانی پێوەرێکی گونجاو بۆ هەر دوو گۆڕاوەکە لە ژینگەی زانکۆکانی کوردستاندا ئامادە بکات.

٢-دەکرێت لە داهاتوودا سوودی لێ وەربگرێت، وەک کەرەستەیەکی ئامادە بۆ توێژەرانی داهاتوو.

٣- ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت ببێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ مامۆستایانی زانکۆ تاوەکو لە شێوازی وانەوتنەوەدا ڕەچاوی جیاوازی شێوازەکانی فێربوونی خوێندکاران بە پێی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان بکەن.

٤-لەگەڵ خستنەڕووی داتا و زانیاریی وورد بۆ بەرپرسانی خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی پلانەکانیان بە ئاڕاستەیەک دابڕێژن هانی ڕەفتاری دۆزینەوە بدات لە زانکۆکاندا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

١. زانینی شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆ.

٢. زانینی جیاوازی ئاماری شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ - کچ).

٣. زانینی جیاوازی ئاماری شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی (مرۆڤایەتی - زانستی).

٤. زانینی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ.

٥. زانینی جیاوازی ئاماری ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ - کچ).

٦. زانینی جیاوازی ئاماری ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی (مرۆڤایەتی - زانستی).

٧. زانینی پەیوەندی لە نێوان شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری شوێنی: خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی- هەرێمی کوردستان- عێراق.

سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

سنوری مرۆیی: پێکهاتووە لە خوێندکارانی کۆلێجەکانی(زمان، بازرگانی، کارگێڕی و ئابووری، زانستە ئیسلامییەکان، زانستە مرۆڤایەتییەکان، وەرزش، ئەندازیاری، زانست، پزیشکی گشتی، ددان، پەروەردەی زانست، پەرستاری) بەجۆرێک شەش کۆلێجی زانستی و شەش کۆلێجی مرۆیی)ن لە زانکۆی سلێمانی لە خوێندنی بەیانیان.

**پێناسەی زاراوەکان:**

**یەکەم: شێوازەکانی فێربوون:**

- (کۆلب،١٩٨٤):

"ئەو ڕێگایەیە تاک بەکاری دەهێنێت لە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کۆزانیارییەکانی لە کاتی پرۆسەی فێربووندا"(Kolb,1984;50).

پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی شێوازەکانی فێربوون بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتەر و ئارەزوو و مەیل دەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنە سۆزداری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تاکەوە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ زانیارییەکان لەکاتی پرۆسەی فێربووندا.

پێناسەی ڕێککاری بۆ شێوازەکانی فێربوون ، بریتییە لەهەموو ئەو نمرانەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرەکەوە بەدەستیان هێناوە.

**دووەم: ڕەفتاری دۆزینەوە:**

-(ماو ماو، ١٩٧٦):

پێی وایە ڕەفتاری دۆزینەوە بریتییە لە وەڵامێکی ئەرێنی لەلایەن تاکەوە بەرامبەر وروژێنەرە نوێ و نەناسراو و ئاڵۆز و دژیەکەکان لە ژینگەکەیدا و هەوڵدان بۆ گەڕان یان چارەسەکردنی ئەم وروژێنەرانە، بەمەبەستی زانینی زیاتر دەربارەی خۆیی و ژینگەکەی بەردەوام گەڕان بەدوای ئەزموون و شارەزایی نوێدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر دەربارەیان( Maw & Maw, 1976;11).

پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی ڕەفتاری دۆزینەوە توێژەر پێی وایە ڕەفتاریی دۆزینەوە بریتییە لە ئارەزوو و مەیلی کونجکۆڵی تاک بۆ گەڕان بەدوای زانیاریی نوێ و تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی شتی نامۆ، بەمەبەستی شارەزایی و دەرککردنی ئەو بابەتانەی پێشتر ئەزموونی نەکردوون، لە ڕێگەی کردارێکەوە کە لە کۆمەڵێک هەنگاوی ڕێکخراو پێکهاتووە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ و بەکارهێنانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی توانا و لێهاتووییەکانیان.

پێناسەی ڕێککاری ڕەفتاری دۆزینەوە، بریتییە لەهەموو ئەو نمرانەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرەکەوە بەدەستیان هێناوە.

**بەشی دووەم:**

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:**

**تەوەری یەکەم: چەمکی شێوازەکانی فێربوون:**

لەنێو ئەو توێژینەوانەی پەیوەندییان بە مێژووی توێژینەوەی شێوازەکانی فێربوونەوە هەیە، زانایان چەندین پێناسەی جیاوازیان پێشکەش کردووە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چەمکەکە و پێکهاتە سەرەکییەکانی. جگە لەو پێناسە جیاوازانە، زانایان و توێژەران چەندین جۆری تاقیکردنەوە و پرسیارنامەیان گەشە پێداوە بۆ پێوانەکردنی پێکهاتەکانی پەیوەست بە شێوازەکانی فێربوون Dunn, Dunn, & Price, 1975; Gregorc, 1982; Kolb, (1985).

تیۆری شێوازەکانی فێربوون لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە لەسەر دەستی زانای دەروونناسی سویسری(کارل یۆنگ) دەستی پێکرد. لە سوید(مارتۆن و هاوڕێکانی) و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(ئینتویستڵ و هاوڕێکانی)دەرکەوتن. ئوسترالیا(بیگز و هاوڕێکانی) دەرکەوتن و زانایان گرنگییان بە توێژینەوەی ئەوەدا پێی دەوترێت "پرۆسەکانی خوێندن" "Study Processes" یان "پرۆسەکانی فێربوون" "learning Processes" و دواتریش "شێوازەکانی فێربوون" "learning Styles "هەر توێژەرێکیش شێواز و ئامرازی جیاوازی لە توێژینەوەکەیدا بەکار هێناوە (الدردیر، ٢٠٠٤: ١٥٩). بەپێی(Rayner Riding، 1997) جیاوازی لە گرنگیدان بە شێوازەکانی فێربوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکەڵاوییەی هێشتا بەردەوامە لە نێوان شێوازەکانی فێربوون و شێوازە مەعریفییەکان. گرنگیدان بەم دوو چەمکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای حەفتاکان گەشەی کرد. سەرەڕای گرنگیپێدان


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

بەم دوو بوارە لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بەڵام جیاوازییەکە هێشتا بەردەوامە. تێکەڵاوی لە نێوان شێوازەکانی فێربوون و شێوازە مەعریفییەکان هێشتا ماوە. بەپێی (Sternberg & Grigorenko, 2001)چەمکی شێوازەکان بە دوو ئاراستەدا گەشەی کردووە:

**ئاراستەی یەکەم:** چەمکی شێوازە مەعریفییە کلاسیکییەکان لە ژینگەی خوێندنگاکاندا، جەختی لەسەر ڕوونکردنەوەی جیاوازییە تاکەکەسییەکان لە ئەنجامدان و کارکردن لە ڕێگەی شێوازەکانەوە کردووەتەوە.

**ئاراستەی دووەم:** چوارچێوەیەکی نوێی بەکارهێنا بۆ توێژینەوە لە شێوازەکانی فێرکردن و فێربوون بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوە. لەم ئاراستەیەوە چەندین تیۆری سەریان هەڵدا، لەوانە تیۆرییەکانی فێربوون، تیۆرییەکانی وانەوتنەوە، و ئەو شێوازانەی پەیوەندییان بە هەڵبژاردنی پیشەوە هەیە(وقاد، ٢٠٠٨: ٤٥).

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە سەرەڕای فرەیی شێوازەکانی فێربوون، زۆری شێوازەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر توێژەرێک تەنها لەسەر بنەمای ئەو ڕەهەندانە کار دەکات لای خۆی گرنگن، لە پرۆسەی فێربووندا، جگە لەوەش، بەکارهێنانی ئامرازی پێوانەی جیاواز و جیاوازی لە بنەما تیۆرییەکان، بوونەتە هۆی دروستبوونی سەرلێشێواوی لە پێناسەکاندا و لاوازی لە جێگیری و دروستی ئامرازەکانی پێوانەدا بەبێ ئەوەی گرنگی بە توێژینەوەکانی توێژەرانی دیکە بدات لەم بوارەدا(Cano &Hewitt,2000:81). شێوازەکانی فێربوون چەمکێکی ئاڵۆزە لە بواری دەروونناسی پەروەردەیی و بابەتێکی بەردەوام گفتوگۆ لەسەرکراوە لە نێو توێژەراندا. بەپێی لێکۆڵینەوەی(Pashler et all,2009) شێوازەکانی فێربوون پەیوەندییان بە چۆنیەتی وەرگرتن، پرۆسێسکردن و بەکارهێنانی زانیارییەوە هەیە لەلایەن تاکەکانەوە بەجۆرێک کارامەیی و کاریگەری فێربوونیان بەرچاوتر و زیاتر دەبێت کاتێک شێوازی فێرکردن و وانەوتنەوەکە هاوتەریب و گونجاو بێت لەگەڵ ئەو شێوازەی خۆیان پەسەندی دەکەن. (Entwistle)پێی وایە چەمکی شێوازی فێربوون بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ئەو پڕۆسە ناوەندییە جۆراوجۆرانەی فێرخواز بەکاریان دەهێنێت لە کاتی کارلێککردنی لەگەڵ هەڵوێستەکانی فێربوون، یان وەسفێکە بۆ هەموو ئەو پرۆسە گونجاوانەی وا لە تاک دەکات وەڵام بداتەوە بۆ وروژێنەرەکانی ژینگە بە شێوەیەک لەگەڵ تایبەتمەندییە سۆزداری و کۆمەڵایەتی و جەستەییەکانی بگونجێت کە لە کۆتاییدا دەیگەیەنێتە گەشەپێدانی ئەزموون و فێربوونی نوێ و دەخرێتە سەر خەزێنەی مەعریفی فێرخواز(Entwistle, 1981:3). یان ئەو ستراتیژیانەن تاک پەیڕەویان دەکات لە هەوڵی سەرکەوتنیدا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فێربوون(Robotham, 1999:1). بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بەو کۆمەڵە بڕوا، و ڕەفتارە دەکات تاکەکان وەک ئامرازێک بەکاریان دەهێنن بۆ ئاسانکاریی پرۆسەی فێربوونیان لە چوارچێوەی بارودۆخە پەروەردەییەکان و ژینگەییەکانی دەروبەریان(Guneş,2004: 12). ئەو ڕێگایەیە تاک بەکاری دەهێنێت لە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی زانیارییەکان لە کاتی پرۆسەی فێربووندا"(Kolb,1984). شێوازەکانی فێربوون، زنجیرەیەک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سۆزداری و یاخود جەستەین وەک پێوەرێکی گرنگن بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی فێرخوازان لەگەڵ ژینگەی خوێندن و شێوازی کارلێککردن و وەڵامدانەوەیان(Lawrence, 1984: 3) یاخود ئەو سڕێگایانەن تاک لە ڕێگەیانەوە ژینگەی فێربوون دەرک دەکات و کارلێکی لەگەڵدا دەکات و وەڵامی دەداتەوە(Ellis,2001:149). و یەکێکن لە کاریگەرترین و گرنگترین فاکتەرەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە پرۆسەی فێربووندا(Hinton,1992:12). لای فێڵدەر و سیلڤەرمان شێوازەکانی فێربوون کۆمەڵێک ڕەفتاری مەعریفی، ویژدانی و دەروونین پێکەوە کار دەکەن وەک تایبەتمەندی جێگیر بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن و کارلێک و وەڵامدانەوەی فێرخواز لەگەڵ ژینگەی فێربووندا(Felder & Silverman,1988:674)، ڤێرمونت پێی وایە شێوازەکانی فێربوون کۆمەڵێک زاراوەن وەک ستراتیژییەکانی چارەسەرکردن، هۆشیاری بە ئامانجەکانی فێربوون، ڕاهێنانەکان ، ستراتیژییەکانی ڕێکخستن لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی فێربوون، تێگەیشتنی فێرخواز، ئاڕاستەکانی فێربوون و ئامانجی کەسی، بیروباوەڕەکان، لەسەر ئەزموونە پێشووەکان بنیات نراون(Vermunt,1996:26).کیف پێی وایە شێوازی فێربوون بریتییە لە دروستبوونێکی گریمانەیی جێگیری ڕێژەیی لای تاک یارمەتی لێکدانەوەی پرۆسەکانی فێربوون دەدات(Keefe,1988:82).

**دووەم: ڕەفتاری دۆزینەوە:**

چەندین جیاوازی سەبارەت بە دیاریکردنی چەمکی ڕەفتاری دۆزینەوە لە نێوان زانایاندا دەرکەوتووە، ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەی پەیوەندی ئەم ڕەفتارەیان لەگەڵ گۆڕاوە کەسی، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان تاوتوێ کردووە، کە بە جیاوازی و ناهاوسەنگی بەرچاو لە نێوانیاندا دەناسرێنەوە(إبراهيم، ٢٠١٣: ٦). گرنگی دان توێژینەوەکان لەسەر چەمکی ڕەفتاری دۆزینەوە بەشێوەیەکی زانستی لە کارەکانی بێرلیندا گەشەی کرد و ڕەنگی دایەوە(Pisula & Pisula,2023:695),چەمکی ڕەفتاری دۆزینەوە لەلایەن(Berlyne،1958)چەندین جار پێداچونەوەی بۆ کراوە، گرنگییەکی تەنها لە خودی بابەتەکدا نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە نزیکەیە بە حەزی زانین و بەدوای شتی نوێدا گەڕان و پاراستنی ئاستی گونجانی جۆراو جۆری تێگەیشتنەوەیە هەیەتی، هەرچەند زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر ڕەفتاری دۆزینەوە لەسەر ئاژەڵ ئەنجام دراون، بەڵام هەندێک توێژینەوەش لەسەر مرۆڤ کراون، هەر لەبەرئەوە ئاسان نییە پێناسەی ڕەفتاری دۆزینەوە بە شێوەیەکی زانستی و ورد بکرێت. بەڵام بەگشتی، ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئەو ڕەفتارانەی تێیاندا ئاژەڵێک هەوڵی خۆی دەدات بۆ ناسینی زیاتری ژینگەی دەوروبەری. هەرچەندە ناتوانین دڵنیا بین لە هۆکاری ئەم ڕەفتارە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەو کردارانەی ئێمە وەک دۆزینەوە سەیریان دەکەین، ئاژەڵەکە بەشێوەیەک ڕەفتار دەکات زانیاری زیاتر دەربارەی دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە. هەر ڕەفتارێکیش ئەو کاتە بە ڕەفتاری دۆزینەوە دادەنرێت کە شتێکی نوێ یان جیاواز بێت، ئاژەڵەکە هەوڵی تێگەیشتنی بدات، لە کۆتاییدا ئەو شتە نوێیە ببێتە شتێکی ڕوون و ئاشنا بۆی. بە واتایەکی تر، ڕەفتاری دۆزینەوە زۆربەی کات بریتییە لە گۆڕینی دۆخێکی نوێیە بۆ ناسین ئاشنایی ڕوونێتی، (Hardy, et al:2014) ڕوونی کردەوە ڕەفتاری دۆزینەوە ئەرکێکی مەعریفی هەیە، و ئاماژەی بەوە کرد کە دۆزینەوە و ئاراستەکردنی مەعریفی تێکەڵی یەکتر دەبن لە ڕەفتاردا (جبر، ٢٠٢٢: ٢٤٣) ، ڕەفتاری دۆزینەوە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا پەیوەندی بە یاریکردنەوە هەیە، بەڵام لە قۆناغی

پێگەیشتندا، ڕەفتاری دۆزینەوە پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە لە زۆر لایەنەکانی ژیانەوە. سەرەڕای گەڕانی مرۆڤ بۆ شتی نوێ و هەڵاتنی لە شتی ئاسایی و دووبارە، دۆزینەوە توانای دەرهێنانی زانیاری و ماناپێدان لەخۆ دەگرێت(عبدالحمید، ٢٠٠٠: ٤٠).ڕەفتاری دۆزینەوە "ئارەزووی تاکە بۆ ناسینی ئەو ورووژێنەرانەی دەوری داوە، لە ڕێگەی پرسیارکردن دەربارەیان و پاشان جووڵەکردن بەرەوڕوویان و هەوڵدان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان بە دەست، بە مەبەستی زانینی زیاتر(ابراهیم، ٢٠٠٥: ٤٦)، ڕەفتاری دۆزینەوە بۆ ماوەیەکی درێژە وەک ئامرازێکی گرنگ سەیر کراوە لە ڕێگەیەوە تاک لە قوناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا زانیاری لەسەر ژینگە بەدەست دەهێنێت و لە ڕووی مەعریفییەوە گەشە دەکەن(Gibson,1988)، سەرەتای گرنگیدانی زانستی بە پاڵنەری ڕەفتاری دۆزینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٠ (عجاج،٢٠٠٠: ٧٢٠)، هەروەها ڕەفتاری دۆزینەوە یەکێکە لە پاڵنەرە سروشتییەکان و ئەرکێکی فسیۆلۆژی لە چوارچێوەی ئەرێنی گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی وروژاندنی هەستیدا دەبینێت، واتە دۆزینەوەی جووڵەیی بۆ ژینگە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی و کۆنترۆڵکردنی. هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ لە بەردەوامی مانەوەی مرۆڤدا دەبینێت. بەشێوەیەکی چالاک و لەڕێگەی هەستەکانەوە، ئەمەش دەروازەیەکی کاریگەرە بۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا(عبدالله، ٢٠٠٥: ٣٦). تیۆری مەعریفی ئاماژە دەکات پاڵنەرەکان لە خودی تاکەوە سەرچاوە دەگرن و پەیوەستن بە مەبەست و نیاز و چاوەڕوانییەوە. پاڵنەری حەزی دۆزینەوە جۆرێکە لە پاڵنەری خودی، کە دەکرێت وەک مەبەستێک وێنا بکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بابەتێک یان بیرۆکەیەک لە ڕێگەی ڕەفتاری دۆزینەوەوە. تاک حەز دەکات هەست بە کاریگەری و توانای کۆنترۆڵی خۆی بکات لە کاتی ئەنجامدانی ئەم ڕەفتارەدا. کە گرنگییەکەی لە دۆزینەوەی توخمە نوێیەکانی هەڵوێستی فێربووندا دەردەکەوێت لە ڕێگەی چارەسەرکردن یان ئاراستەکردنی پرسیار دەربارەیان (الاسدی، ٢٠١٨: ٢٦٥). ڕەفتاری دۆزینەوە زاراوەیەکە چەندین هاوواتای هەیە وەکو حەزی زانین و کونجکۆڵی، ئەمەش ڕەفتارێکی سروشتییە لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک دەبێت و پلەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. هەروەها حەزی زانین یەکێکە لە سیفاتە زگماکییەکان لە بوونەوەرە زیندووەکاندا، بەتایبەتی مرۆڤ ,دەرکەوتنەکانی لە سەرەتای منداڵیدا دەست پێدەکات، بەڵام بەپێی چەندین فاکتەر جیاوازە، لەوانە: بۆماوەیی، پەروەردەیی و ڕەفتاری وەرگیراو(ابراهیم، ٢٠١٣: ٦)، ڕەفتاری دۆزینەوە بەستراوەتەوە بە گەشەکردنی شارەزایی بوارە مەعریفی، و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، و دەرککردن و جووڵەییەکانەوە. ئەستەمە دیاریکردنی ئەوەی ئایا گەشەکردنەکان لە ڕەفتارەی دۆزینەوەدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بوارەکانی تردا یان گۆڕانکارییەکان لەم بوارانەدا دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری دۆزینەوەدا، ڕەفتاری دۆزینەوە بریتییە لە "ئارەزووی زانین و فێربوون و مەیلکردن بەرەو شتە نامۆیەکان و شەیدابوون بە شتە دەگمەنەکان، کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە سروشتی مرۆڤ"(عبدالحلیم، ٢٠٠٩: ١١٨٦)، زانایانی دەروونناسی مەعریفی پێیان وایە ڕەفتاری دۆزینەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی کارکردنی زەینی ڕێنوێنی تاک دەکات بۆ فێربوون. ئەم ڕەفتارە لەگەڵ تەمەندا گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت، ژینگە یارمەتی پەرەسەندن و بەرجەستەبوونی دەدات لە شێوەی کارکردن و لێکۆڵینەوە و چالاکی عەقڵیدا. ئەمەش پاڵنەری دۆزینەوە ڕەگە سەرەتاییەکانی زانین و پەرەپێدانی پێکدێنێت. بەبێ بوونی ئەم پاڵنەرە، تاک نەیدەتوانی سنووری زانین و مەعریفەی خۆی فراوان بکات، کە زیاترە لە زانینی پێویست بۆ مانەوەی بایۆلۆژی. ئەم پاڵنەرە لەژێر کاریگەری حەزی ناسینی ژینگەی دەوروبەری تاکدا ئاراستە دەکرێت. ڕەفتاری دۆزینەوە توانای پرسیارکردن و بیرکردنەوەی وردە، چونکە مرۆڤی دۆزەرەوە هەمیشە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت سەرنجی ڕادەکێشن (مواسی، ٢٠١٤: ١٠٠).( Boyd & Richerson,2005) پێیان وایە ڕەفتاری دۆزینەوە واتە گەڕان بەدوای چارەسەری نوێ لە ناوچە و شوێنە نەناسراوەکان، ئەم جۆرە هەنگاوە مەترسی زۆری تێدایە بەهۆی نادڵنیایی دەربارەی ئەو دەستەکەوتانەی لە ناوچە نەناسراوەکاندا بەدوای دا دەگەڕێت، چونکە تاک دڵنیا نییە لە ئەنجامەکانی ئەو شوێنە نەناسراوانە ( Goldstone et al, 2013).(Berlyne) جیاوازی کردووە لە نێوان شێوەکانی ڕەفتاری دۆزینەوەدا: وەکو دۆزینەوەی خۆڕسک بریتییە لە وەڵامدانەوە بۆ گۆڕانکاری لە ژینگەدا، و ڕەفتاری دۆزینەوەی کونجکۆڵی کە پەیوەستە بە دەستپێشخەری لە گۆڕینی ژینگەی دەوروبەردا لەگەڵ ڕەفتاری دۆزینەوەی دیاریکراو کە گرنگی دەدات بە بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، و لە کۆتاییدا ڕەفتاری دۆزینەوەی هەمەجۆر پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی ئاراستەکراو بۆ زیادکردنی زانیاری لە هەر سەرچاوەیەکی گونجاو (Berlyne,1972).

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم:توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە شێوازەکانی فێربوون:**

**١-توێژینەوەی(صالح و محمود، ٢٠٢٤) بە ناونیشانی(شێوازەکانی فێربوون لای قوتابیانی زانکۆی تکریت)،**
ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی شێوازەکانی فێربوونە لای قوتابیانی زانکۆ، لەبەر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا (ڕەگەز و پسپۆڕی)، توێژینەوەیەکی پەسنییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم خوێندکارانی زانکۆی تکریت، نموونەی توێژینەوەکە (٣٠٠) قوتابی کچ و کوڕی زانکۆی تکریت بوون کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران. توێژەران پێوەری (العزاوی، ٢٠٢٠)یان بۆ شێوازەکانی فێربوون بەکارهێنا. داتاکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە و دوو نموونە و هاوکۆلکەی پیرسۆن چارەسەر کران. توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامانە: نموونەی توێژینەوەکە ئاستێکی بەرزی شێوازەکانی فێربوونیان هەیە, جیاوازی ئاماری بەرچاو نییە لە پێوانی ئاستی شێوازەکانی فێربوون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز, جیاوازی ئاماری بەرچاو نییە لە پێوانی ئاستی شێوازەکانی فێربوون بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی(صالح ومحمود، ٢٠٢٤).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

**٢-توێژینەوەی(المؤمني و لبابنة، ٢٠١٩)بەناونیشانی(شێوازەکانی فێربوونی پەسەندکراو و پەیوەندی بە شێوازەکانی بیرکردنەوە لای خوێندکارانی کۆلێژی حصن زانکۆیی لەبەر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاو)،**

ئامانجی توێژینەوەکە ناسینی شێوازەکانی فێربوونی پەسەندکراو و شێوازەکانی بیرکردنەوەی باو لە نێو خوێندکارانی کۆلێژی حصن زانکۆیی و پەیوەندی نێوانیان لە ڕۆشنایی پسپۆڕی ئەکادیمی و ئاستی دەستکەوت. توێژینەوەیەکی پەسنی(وەصفی)و پەیوەندییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە هەموو خوێندکارانی قۆناغی بەکالۆریۆس پێکهاتبوو، ژمارەیان(٣١٧٠) خوێندکار بوو، لەوانە(١٥٦٢) خوێندکاری کوڕ و(١٦٠٨) خوێندکاری کچ. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(٣٩١) خوێندکار، (١٩٢)خوێندکار لە بەشە زانستییەکان و (١٩٩) خوێندکار لە بەشە مرۆییەکان. لیستی شێوازەکانی فێربوونی (Entwistle and Tait,1994)، و لیستی شێوازەکانی بیرکردنەوەی (Sternberg and Wagner,1991) بەکارهێنران. ئەنجامەکان دەریانخست خوێندکارانی کۆلێژی حصن زانکۆیی هەموو شێوازەکانی فێربوون بە پلەیەکی بەرز بەکاردەهێنن، و زۆرترین شێوازی بەکارهاتوو شێوازی فێرکردنی قوڵە، دواتر شێوازی ستراتیجی، و لە کۆتاییدا شێوازی ڕواڵەتی. هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیان بە جیاوازی ئاماری بەرچاو کرد لە شێوازی فێربوونی قوڵ بە قازانجی خوێندکارانی بەشە زانستییەکان و لە شێوازی فێربوونی ڕووکەشی بە قازانجی خوێندکارانی بەشە مرۆییەکان. هەروەها جیاوازی ئاماری بەرچاو هەبوو لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە شێوازی فێربوونی قوڵ بە قازانجی خوێندکارانی خاوەن دەستکەوتی بەرز و خاوەن هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی (نزم و مامناوەند) لە شێوازی فێربوونی ڕووکەشی، و بۆ خاوەن ئاستی دەستکەوتی(مامناوەند) لە شێوازی فێربوونی ستراتیجی، شێوازی بیرکردنەوەی باو لای خوێندکارانی کۆلێژی حصن زانکۆیی شێوازی بیرکردنەوەی یاسادانانە. هەروەها پەیوەندییەکی ئەرێنی ئاماری بەرچاو دۆزرایەوە لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر شێوازی فێربوونی قوڵ و شێوازەکانی بیرکردنەوەی (یاسادانان، ئازاد، هەرەمی) لە لایەکەوە، و پەیوەندییەکی ئەرێنی و ئاماری بەرچاو لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر شێوازی فێربوونی ڕواڵەتی لەگەڵ شێوازەکانی بیرکردنەوەی (جێبەجێکردن، پارێزگار، ئەنارشی)، و پەیوەندییەکی ئەرێنی و ئاماری بەرچاو لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر شێوازی فێربوونی ستراتیجی لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی پاشایی (المؤمني و لبابنة، ٢٠١٩).

**دووەم: پێشوو سەبارەت بە ڕەفتاری دۆزینەوە:**

**١- توێژینەوەی (مالود و عبید، ٢٠٢٠)بەناونیشانی(وێناکردنی زەینی و پەیوەندی بە ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ)،** ئامانجی توێژینەوەکە، زانینی ئاستی وێناکردنی زەینی و ڕەفتاری دۆزینەوەیە لای خوێندکاری زانکۆ، لەگەڵ دۆزینەوەی ئاستی پەیوەندی نێوان وێناکردنی زەینی و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(٢٨٩٣) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەز لە زانکۆی سامەرا کۆلێجی پەروەردە و زانستە مرۆییەکان، لەو ژمارەیە(٨٩٥)یان ڕەگەزی نێر، و (١٩٩٨) ڕەگەزی مێن، نمونەی توێژینەوەکە لە (٢٢٠) خوێندکار بوون لەو ژمارەیەش(١١٠) ڕەگەزی نێر، و (١١٠) لە ڕەگەزی مێ بوون، توێژەران ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ هەردوو پێوەی وێنای زەینی و ڕەفتاریی دۆزینەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، ڕێژەی سەدی و لادانی پێوەری و تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆنی بەکارهێناوە، توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامانە، خوێندکارانی زانکۆ خاوەن ئاستێکی مامناوەندن لە وێناکردنی زەینیدا، خوێندکارانی زانکۆ خاوەن ئاستێکی مامناوەندن لە ڕەفتاری دۆزینەوەدا، پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان وێناکردنی زەینی و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ(مالود و عبید، ٢٠٢٠).

**٢- توێژینەوەی(الاسدي، ٢٠١٨) بەناونیشانی(سەرنجدانی دابەشکراو و پەیوەندی بە ڕەفتاری دۆزینەوەوە لای خوێندکارانی زانکۆ)،** ئامانجی توێژینەوەکە زانینی سەرنجدانی دابەشکراو و پەیوەندی بە ڕەفتاری دۆزینەوەوە لای خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامدراوە، هەروەها بۆ دۆزینەوەی جیاوازییە ئاماریەکان لە ئاستی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، پسپۆڕی، ئاستی خوێندن). توێژەر میتۆدی پەسنی پەیوەندیداری بەکارهێناوە. نموونەی توێژینەوەکە لە (١٢٠) خوێندکاری کوڕ و کچی زانکۆی بەسرە لە بوارە مرۆیی و زانستییەکان پێکهاتبوو کە بە ڕێگەی هەڕەمەکی چینایەتی یەکسان هەڵبژێردرابوون. بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، توێژەر تاقیکەرەوەی دەروونی بۆ پێوانی سەرنجدانی دابەشکراو بەکارهێناوە و پێوەرێکی بۆ ڕەفتاری دۆزینەوەی دروستکردووە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ نموونەیەک و تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و هاوکۆلکەی پیرسۆن وەک ئامرازی ئاماری، ئەنجامەکان ئەمانە بوون: خوێندکارانی زانکۆ توانای دابەشکردنی سەرنجیان هەیە لە نێوان دوو وروژێنەردا لە هەمان کاتدا، ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ بەرزە، بەڵام جیاوازی نییە لە نێوان کوڕان و کچان لە ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوەدا.جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ساڵی خوێندنی یەکەم و چوارەم لە ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوەدا بە قازانجی ساڵی چوارەم، پەیوەندیەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان سەرنجدانی دابەشکراو و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ(الأسدي، ٢٠١٨).

**لێکچوون و جیاوازی لەنێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو:**

١. لە ڕووی میتۆدی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی پەسنی شیکاری یان پەسنی پەیوەندییان بەکارهێناوە، ئەویش هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێستایە، بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر میتۆدی پەسنی پەیوەندی بەکارهێناوە.

٢. لە ڕووی ئامانجی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەکەی ئێستاش هەمان ئامانجیان هەیە، ئەویش زانینی ئاستی شێوازی فێربوون و زانینی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەو

٣. لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: سەرجەم توێژینەوەکانی توێژینەوەکان لەڕووی کۆمەڵگەوە هاوشێوەن لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، سەرجەمیان خوێندکاری زانکۆن(صالح و محمود، ٢٠٢٤)(المؤميني و لبابنة، ٢٠١٩)، (مالود و عبيد، ٢٠٢٠)،(الأسدي، ٢٠١٨).

٤. لە ڕووی نموونەی توێژینەوەکە:توێژینەوەکان جیاوازبوون لە ڕووی ژمارەی نموونەی توێژینەوەکانەوە، بەم شێوەیە(صالح و محمود، ٢٠٢٤)٣٠٠ خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز بوون(المؤميني و لبابنة، ٢٠١٩)٣٩١ خوێندکاری زانکۆ بوون، مالود و عبيد، ٢٠٢٠)٢٢٠ خوێندکاری زانکۆن لە هەردوو ڕەگەز، (الأسدي، ٢٠١٨)١٢٠ خوێندکاری زانکۆن لەهەردوو ڕەگەز، نموونەی ئەم توێژینەوەیەش پێکهاتووە لە(٩٣٤) خوێندکاری زانکۆ بۆ هەردوو ڕەگەزەکە.

٥. لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوەکە: سەرجەم توێژینەوەکان و ئەم توێژینەوەیەش ئامرازی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکان، توێژینەوەی (صالح و محمود، ٢٠١٣) ،( المؤمني و لبابنة، ٢٠١٩)، (مالود و عبيد، ٢٠٢٠) پێوەرەکانیان وەرگرتووە، بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە، بەڵام (الأسدي، ٢٠١٨) پێوەری ڕەفتاری دۆزینەوەی دروستکردووە، هاوشێوەیە لەگەڵ پێوەری ڕەفتاری دۆزینەوە لەم توێژینەوەیەدا کە توێژەر لە ڕێگەی ڕاپرسی کراوەوە دروستی کردووە.

توێژەر سودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ چەمکەکانی و بەراوردکردنی دەرئەنجامەکان، بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی توێژینەوەکان و گۆڕاوە دیموگرافییەکان لە ڕووی پێکهاتەی کولتووری و داب و نەریتەوە..

**ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکاریەکانی**

**٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆد بنەمای توێژینەوەی زانستییە، بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکان(زرواتي، ٢٠٠٨: ١٧٦)، بۆیە لێرە میتۆدی پەسنی پەیوەندی پەیڕەوکراوە کە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری وورد(عيسوي، ١٩٩٠: ١٢). ئەم میتۆدە لێکۆڵینەوە لە دیاردە جیاوازەکان و دەرخستنی لایەنە نادیارەکان بەکاردەهێنرێت، تاوەکو پەیوەندی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیاردەکە و دیاردە پەیوەندیدارەکانی تر بە ووردی دیاری بکات و ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەدیبهێنێت.

**٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی بەکالۆریۆس لە زانکۆی سلێمانی (خوێندنی بەیانیان) دەگرێتەوە کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بەردەوامن لە خوێندن بریتیبوون لە (٢٠٦٤٠) خوێندکار، (٨١٥٣) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر و (١٢٤٨٧) خوێندکار لە ڕەگەزی مێ بوون، خوێندکاران دابەشبوون بەسەر(٢١) کۆلیجدا، ئامارەکان لە تۆماری گشتی زانکۆی سلێمانی وەرگیراون.

**٣-٣ نموونەی توێژینەوە**

بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە، شێوازی "هەرەمەکی سادە" (تیروپشک - قرعه) بەکارهێنراوە. لەم چوارچێوەیەدا (٦) کۆلێجی زانستی و (٦) کۆلێجی مرۆیی هەڵبژێردراون. ژمارەی ئەو خوێندکارانەی وەک نموونە بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا کردووە بریتییە لە (٩٣٤) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز، وردەکارییەکانیش لە خشتەی ژمارە (١)دا ڕوون کراوەتەوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

خشتەی(١)نموونەی توێژینەوە

| ژ | کۆلێجەکانی مرۆڤایەتییەکان | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زمان | ٣٢ | ٧,٦٧٪ | ٧٧ | ١٥,٠٠٪ | ١٠٩ |
| ٢ | بازرگانی | ٣٥ | ٨,٤٦٪ | ٣٩ | ٧,٦٢٪ | ٧٤ |
| ٣ | کارگێڕی و ئابووری | ٥٣ | ١٢,٦٢٪ | ٦٧ | ١٢,٨٧٪ | ١٢٠ |
| ٤ | زانستە ئیسلامییەکان | ٢٤ | ٥,٨١٪ | ٢٤ | ٤,٦٨٪ | ٤٨ |
| ٥ | زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٣٦ | ٨,٦٣٪ | ٦٩ | ١٣,٣٣٪ | ١٠٥ |
| ٦ | وەرزش | ٤٦ | ١٠,٩٨٪ | ١٥ | ٢,٩٩٪ | ٦١ |
| کۆی مرۆڤایەتییەکان | | ٢٢٦ | ٥٤,١٧٪ | ٢٩١ | ٥٦,٤٨٪ | ٥١٧ |
| ژ | کۆلێجەکانی زانستییەکان | نێر | ڕێژەی سەدی | مێ | ڕێژەی سەدی | کۆ |
| ١ | ئەندازیاری | ٤٨ | ١١,٤٢٪ | ٢٩ | ٥,٥٤٪ | ٧٧ |
| ٢ | زانست | ٤١ | ٩,٧٣٪ | ٤١ | ٪٧,٨٩ | ٨٢ |
| ٣ | پزیشکی گشتی | ٦٥ | ١٥,٦٥٪ | ٦٣ | ١٢٠١٦٪ | ١٢٨ |
| ٤ | ددان | ١٨ | ٤٠٣٧٪ | ٢٦ | ٥,٠٧٪ | ٤٤ |
| ٥ | پەروەردەی زانست | ١٣ | ٣،٢٠٪ | ٤٨ | ٪٩,٢٧ | ٦١ |
| ٦ | پەرستاری | ٦ | ١,٤٦٪ | ١٩ | ٣,٦٦٪ | ٢٥ |
| کۆی زانستییەکان | | ١٩١ | ٤٥,٨٣٪ | ٢٢٦ | ٪٤٣,٥٩ | ٤١٧ |
| کۆی گشتی | | ٤١٧ | | ٥١٧ | | ٩٣٤ |

### ٣-٤ ئامرازەکانی توێژینەوە:
بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پێویست بوو ئامرازی گونجاو بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکان (شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە) بەپێی لەبەرچاوگرتنی ژینگەی زانکۆیی و تایبەتمەندییەکانی خوێندکارانی ئەو قۆناغە دروست بکرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە کاریان لەسەر کراوە:

### ٣-٤-١ پێوەری شێوازەکانی فێربوون
بەهۆی دەستنەکەوتنی پێوەرێکی کوردیی گونجاو بۆ ئەم گۆڕاوە، توێژەر هەستا بە بنیادنانی پێوەرێکی نوێ. پێش ئەوەی توێژەر دەست بە دروستکردنی پێوەرەکەی بکات، پێویستە ئەو بنەما تیۆرییانە بە ڕوونی دیاری بکات کە تەواوی پرۆسەکە و بڕگەکانی پێوەرەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت و دادەڕێژرێت(الکبیسی، ٢٠١٠: ٢٦٣). بەم شێوەیەی لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:
توێژەر هەوڵیداوە لەرێگەی خستنەڕووی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەوە، ئەو بنەما تیۆرییانە بخاتەڕوو لە داڕشتنی پێوەرەکەدا پشتی پێ بەستوون، چونکە دیدگایەکی ڕوون دەدەن بە توێژەر بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕێککارییەکانی داڕشتنی پێوەرەکە. هەر بۆیە توێژەر بنەما تیۆرییەکانی بەم شێوەیە دیاری کرد:
١- وەرگرتنی پێناسەی مۆدیلی کۆڵب(Kolb)بۆ شێوازەکانی فێربوون.
٢- پشت بەستن بەو مۆدیلەی کۆڵب بۆ شێوازەکانی فێربوونی داناوە.
٣- بوارەکانی پێوەرەکە پشت بەست بە مۆدیلی کۆڵب دیاری کران لە چوار بواردا خۆی دەبینییەوە.
٤- کۆکردنەوە و داڕشتنی بڕگەکانی هەر ڕەهەندێک.

### ٣-٤-١-١ ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە:
وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، توێژەر دوو ڕاپرسی کراوەی بۆ شارەزایان و خوێندکارانی زانکۆ ئامادەکرد. پرسیارە سەرەکییەکانی ڕاپرسییەکە بریتی بوو لە وەرگرتنی ڕای شارەزایان و خوێندکاران سەبارەت بە شێوازەکانی فێربوون لە زانکۆدا لە چوارچێوەی بوارەکانی تیۆرەکەی کۆڵبدا، دوای کۆکردنەوەی وەڵامەکان، توێژەر توانی بڕگەکانی پێوەرەکە دابڕێژێت.

### ٣-٤-١-٢داڕشتنی بڕگەکان:
دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسییە کراوەکە و ئاگاداربوون و خوێندنەوەی بۆ ئەدەبیات و توێژینەوە پێشووەکانی پەیوەندیدار بە مۆدیلی کۆڵب، توێژەر توانی ئەو بیرۆکانەی لە ڕێگەی وەڵامی شارەزایان و فێرخوازانەوە لەسەر پرسیارە کراوەکان بەدەستهاتبوون لە چوار چێوەی بوارەکانی مۆدیلەکەی کۆڵبدا بۆ پێوەری شێوازەکانی فێربوون دابڕێژێت. بەمەش، ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە لە فۆرمە سەرەتاییەکەیدا(٤٠)بڕگە بوو دابەشکرابوون بۆ چوار بوار.

### ٣-٤- ١- ٣ ڕاستگۆیی ڕواڵەت(Face Validity):
بۆ پشتڕاستکردنەوەی گونجانی بڕگەکان، پێوەرەکە پێشکەشی (٢٣) پسپۆڕ لە بوارەکانی (دەروونناسی، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەروونناسی پەروەردەیی) کرا. ئامانج لێی وەرگرتنی پێشنیاز و تێبینییەکانیان بوو سەبارەت بە داڕشتنی بڕگەکان و بژاردەکانی وەڵامدانەوە. دوای کۆکردنەوەی ڕاکان، ئەو بڕگانە مانەوە ڕێژەی ڕەزامەندیی شارەزایانیان (٩٠٪) و زیاتر بوو. لە ئەنجامدا، لە کۆی (٤٠) بڕگە، (٨) بڕگە لادران گۆڕانکاری لە( ٣ )بڕگەدا کراو ، (٢٩) بڕگە وەک خۆیان مانەوە، پێوەرەکە لە کۆتاییدا جێگیر بوو لەسەر (٣٢) بڕگە، بە تێکڕای ڕاستگۆیی (٩٢,١٧٪).

**٣-٤-١- ٤ جێگیری (Reliability):** مەبەست لە جێگیری، بەدەستهێنانی هەمان ئەنجامە لە ئەگەر دووبارەکردنەوەی پێوەرەکە لەسەر هەمان نموونە و لە ژینگەیەکی هاوشێوەدا. توێژەر دوو ڕێگەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە:
١. ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە (Test-Retest): بۆجاری یەکەم لەرێکەوتی(٢٠٢٥/٥/١٢)پێوانەکە بەسەر(٨٠)فێرخوازدا جێبەجێکرا،کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کەپێك هاتبوون لەرەگەزی نێرو مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٧) ڕۆژلەرێکەوتی(٢٠٢٥/٥/٢٨)دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەرێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person)دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە(٠,٩٩٤)ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە.
٢. ڕێگەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha): ئەم هاوکۆلکەیە بۆ دڵنیابوون لە تەبایی ناوەکی بڕگەکان بەکارهات، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(١٣٤) خوێندکاری نموونەی سەرەتایی دەرکەوت ئەنجامەکەی گەیشتە (٠,٩٤)، ئەمەش ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری نیشان دەدات.

### ٣-٤-١-٥ تایبەتمەندی پێوەری شێوازەکانی فێربوون:
توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەری شێوازەکانی فێربوون و دیاریکرد،پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی(٣٢)بڕگەی مایەوە،بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای خوێندکارانی زانکۆ و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە(٨)خولەك بوو. هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەرۆکی بڕگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو واتە(٥)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە،کەبریتین لە(بە تەواوی ڕازیم، ڕازیم، بێلایەنم، نارازیم، بە تەواوی نارازیم)بەهای بژاردەکان بریتیە لە(٥، ٤، ٣، ٢، ١)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگە نەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (١٦٠) نمرەیە و نزمترین نمرە (٣٢) نمرەیە.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

**٣-٤-٢ پێوەری ڕەفتاری دۆزینەوە**

بەهۆی دەستنەکەوتنی پێوەرێکی کوردیی گونجاو بۆ ئەم گۆڕاوە، توێژەر هەستا بە بنیادنانی پێوەرێکی نوێ. لەم پرۆسەیەدا پشت بە میتۆدی (Allen & Yen,1979)بەستراوە کە لە چوار قۆناغی سەرەکیدا چوارچێوەی پێوەرەکە دیاری دەکات:

١. پلاندانان بۆ پێوەرەکە و دەستنیشانکردنی بوار و تەوەرەکان.
٢. داڕشتنی بڕگەکان بەپێی تەوەرە دیاریکراوەکان.
٣. تاقیکردنەوە و جێبەجێکردنی بڕگەکان لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.
٤. ئەنجامدانی شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە.

**٣-٤-٢- ١ ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە:**

وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، توێژەر دوو ڕاپرسی کراوەی بۆ شارەزایان و خوێندکارانی زانکۆ ئامادەکرد. پرسیارە سەرەکییەکانی ڕاپرسییەکە بۆ وەرگرتنی ڕای شارەزایان و خوێندکاران سەبارەت بە ڕەفتاری دۆزینەوە لە زانکۆدا، دوای کۆکردنەوەی وەڵامەکان، توێژەر توانی (٥٠) بڕگە بۆ پێوەرەکە لە سێ دابڕێژێت.

**٣-٤-٢-٢داڕشتنی بڕگەکان:**

جگە لە ڕاپرسییە کراوەکە، توێژەر بۆ دەوڵەمەندکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە، سوودی لە ئەدەبیاتی توێژینەوە و سەرچاوە زانستییەکانی پێشوو وەرگرتووە، تاوەکو پێوەرەکە لەسەر بنەمایەکی زانستیی تۆکمە بنیاد بنرێت لە (٥٠) بڕگەدا.

**٣-٤-٢- ٣ ڕاستگۆیی ڕواڵەت(Face Validity):**

بۆ پشتڕاستکردنەوەی گونجانی بڕگەکان، پێوەرەکە پێشکەشی (٢٣) پسپۆڕ لە بوارەکانی (دەروونناسی، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەروونناسی پەروەردەیی) کرا. ئامانج لێی وەرگرتنی پێشنیاز و تێبینییەکانیان بوو سەبارەت بە داڕشتنی بڕگەکان و بژاردەکانی وەڵامدانەوە. دوای کۆکردنەوەی ڕاکان، ئەو بڕگانە مانەوە ڕێژەی ڕەزامەندیی شارەزایانیان (٩٠٪) و زیاتر بوو. لە ئەنجامدا، لە کۆی (٥٠) بڕگە، (١٣) بڕگە لادران، لە ژێر ڕۆشنایی پێشنیاری شارەزایان گۆڕانکاری لە چەند بڕگەیەکدا کرا، (٣١) بڕگە وەک خۆیان مانەوە، پێوەرەکە لە کۆتاییدا جێگیر بوو لەسەر (٣٧) بڕگە، بە تێکڕای ڕاستگۆیی (٩٠,٦٧٪).

**٣-٤-١- ٤ جێگیری:**

١. ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە (Test-Retest): بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی(٢٠٢٥/٥/١٢)پێوانەکە بەسەر(٨٠)فێرخوازدا جێبەجێکرا،کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کەپێك هاتبوون لەرگەزی نێرو مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٧) ڕۆژ، لەڕێکەوتی(٢٠٢٥/٥/٢٨)دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە(٠,٩٢١)ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە.

٢. ڕێگەی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha): ئەم هاوکۆلکەیە بۆ دڵنیابوون لە تەبایی ناوەکی بڕگەکان بەکارهات، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(١٣٤) خوێندکاری نموونەی سەرەتایی دەرکەوت ئەنجامەکەی گەیشتە (٠,٩٥)، ئەمەش ئاستێکی زۆر بەرزی جێگیری نیشان دەدات.

**٣-٤-١-٥ تایبەتمەندی پێوەری شێوازەکانی فێربوون:**
**تایبەتمەندی پێوەری ڕەفتاری دۆزینەوە:**

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەری ڕەفتاری دۆزینەوە دیاریکرد،پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی(٣٧)بڕگەی مایەوە،بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای فێرخوازانی زانکۆ و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە(١١)خولەك بوو. هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو واتە(٥)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە،کەبریتین لە(بە تەواوی ڕازیم، ڕازیم، بێلایەنم، ناڕازیم، بە تەواوی ناڕازیم)بەهای بژاردەکان بریتیە لە(٥، ٤، ٣، ٢، ١)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگە نەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (١٨٥) نمرەیە و نزمترین نمرە (٣٧) نمرەیە.

**٣-٥ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی:**

توێژەر لە ڕێککەوتی (٢/ ٥ / ٢٠٢٥) دەستی کرد بەجێبەجێکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەیدا بەشێوەی ئۆنلاین و ڕووبەڕوو ، کە پێکهاتبوو لە فێرخوازانی زانکۆی سلێمانی، ژمارەیان (١٥٧٠) فێرخواز بوو، لەهەردوو ڕەگەز نێرو مێ، بەسەر دوازدە کۆلێجدا دابەشبوون، لەو ڕێژەیە تەنها(٩٣٤)فێرخواز وەڵامی پێوەرەکەیان گەڕاندەوە بۆ توێژەر. هەروەك لە پاشکۆی (٢٨) ڕوونکراوەتەوە و ئەنجامدانەکەش لەبەرواری(٣/ ٦ /٢٠٢٥)کۆتای پێهات.

**٣-٦ ئامرازە ئامارییەکان (Statistical Tools):**

سوود لە بەرنامەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) وەشانی (٢٧) وەرگیراوە. ئەو شێوازە ئامارییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون بریتین لە: هاوکۆلکەی پەیوەندیی پیرسۆن، ئەلفای کرۆنباخ، تاقیکردنەوەی (Independent Sample T-Test) دوو نموونەی سەربەخۆ، تاقیکردنەوەی (One Sample T-Test) بۆ یەک نموونە، دووبارەبوونەوە (Frequency).

ناونیشانیان لەسەر بێت. *سەرچاوە: نموونە بۆ ڕێنماییەکانی نووسەر.*

## بەشی چوارەم
## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی توێژەر لەناواخنی بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکردووە، پاشان لە کۆتایدا توێژینەوەکە دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان دەخاتەڕوو. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

**٤-١ ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی:**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(One Sample T-Test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS)، بەمەبەستی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی

نموونەی توێژینەوەکە بە ناوەندیی گریمانەیی، ئەنجامەکان دەریانخست کە ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە بریتییە لە(١١١,٤٩٥) کە بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی دیاریکراوی پێوانەکە کە بریتی بوو لە (٩٦) بەلادانی پێوەری(١٦,٧٢٦)، هەروەها بەهای(تائی)هەژمارکراوە بریتیی بوو لە(٢٨,٣٠٣) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥)، هەروەک لە خشتەی(٢)خراوەتەڕوو، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ بوونی جیاوازییەکی ئاماری مانادار کە ناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شێوازەکانی فێربوون لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی(٢)ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای نموونەی توێژینەوەکە

| نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای(تائی) | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٩٣٤ | ١١١,٤٩٥<br>٧ | ١٦,٧٢٦<br>٠ | ٩٦ | ٩٣٣ | ٢٨,٣٠٣ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |

توێژەر بەرزی ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای فێرخوازانی زانکۆ بۆ ئەو گۆڕانکارییە فرەچەشن و هەمەلایەن و دەوڵەمەندەی ژینگەی زانکۆ دەگەڕێنێتەوە، چونکە لە پیاژۆی نوێی خوێندنی باڵادا فێرخواز تەنها وەرگرێکی پاسیڤی زانیاریی نییە، بەڵکو ناچارە لە یەک کاتدا چەندین توانای جیاواز بەکار بهێنێت، هەر ئەمەش وا لە فێرخواز دەکات ببێتە کارەکتەرێکی فرە توانا و گونجاو کە بتوانێت خۆی لەگەڵ هەر ئاڵنگارییەکی نوێی فێربووندا بگونجێنێت، هەر بۆیە ئاستی گشتی فێربوونی بەرز دەردەکەوێت، شایەنی باسە ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا هاوتایە، لەوانەش توێژینەوەی(صالح ومحمود، ٢٠٢٤). و (الجميلي، ٢٠١٣) و(المؤمني ولبابنة،٢٠١٩).

**٢-٤ ئامانجی دووەم؛ زانینی جیاوازی ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر-مێ):**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test)، دەرکەوت تێکڕایی ناوەندیی ژمێرەیی ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای ڕەگەزی نێر بریتی بوو لە(١٠٨,٠٥٧) بە لادانی پێوەری(١٧,٥٩٥)لە کاتێکدا تێکڕایی ناوەندە ژمێرەیی لای ڕەگەزی مێ بریتی بوو لە(١١٤,٢٦٨) بە لادانی پێوەری(١٥,٤٩٩)، هەروەها وەک لە خشتەی(١٧) ڕوونکراوەتەوە بەهای(T)بریتییە لە(٥,٧٣٨) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی(٩٣٢)، لە خشتەی(٣) ڕوونکراوەتەوە، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە ئاستی شێوازەکانی فێربووندا بەدی دەکرێت، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

لادانی پێوەری(١٦,٩٧٢)، ئەم جیاوازییە لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار بوو، وەک لە بەهای هەژمارکراوی(T) دەردەکەوێت

خشتەی(٣)جیاوازی ڕەگەز لە ئاستی شێوازەکانی فێربوون

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٤١٧ | ١٠٨,٠٥٧٦ | ١٧,٥٩٥٣ | ٩٣٢ | ٥,٧٣٨ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| مێ | ٥١٧ | ١١٤,٢٦٨٩ | ١٥,٤٩٩٥ | | | | |

ئەو ئەنجامەی بەدەستهاتووە دەکرێت بۆ چەند هۆکارێکی سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بگەڕێندرێتەوە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانکاریی خێرای بەخۆیەوە بینیوە، خوێندنی باڵا بۆ کچان بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزتر و سەربەخۆیی ئابووری. ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزیان پێدەبەخشێت بۆ زیاتر پابەندبوون بە خوێندن و بەدەستهێنانی نمرەی بەرزتر وەک ڕێگایەک بۆ سەلماندنی توانا و شایستەیی خۆیان. لە لایەکی ترەوە، لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە، چەندین توێژینەوەی پێشوو دەریانخستووە بە شێوەیەکی گشتی، کچان مەیلیان بۆ پابەندبوونی زیاتر بە ئەرکەکانی خوێندن، ڕێکخستنی کات، و بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی کاریگەرتر هەیە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی(صالح و محمود، ٢٠٢٤) توێژینەوەی(الجميلي، ٢٠١٣)، پێیان وایە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

ڕێژەکەی (٤,٧٧٨)بوو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی(٩٣٢)، لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە دەتوانرێت
بگوترێت جیاوازییەکی ئاماری مانادار لە نێوان ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆ بۆ لقە زانستییەکان هەیە، شایەنی باسە ئەم جیاوازییە لەبەرژەوەند

خوێندکارانی بەشە زانستییەکانە، ئاستی شێوازەکانی فێربوون لایان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزترە بەراورد بە خوێندکارانی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

خشتەی(٤): جیاوازی پسپۆڕی خوێندن بۆ ئاستی شێوازەکانی فێربوون

| لقی خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | ٤١٧ | ١١٤,٣٤٤١ | ١٥,٩٧٢١ | ٩٣٢ | ٤,٧٧٨ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| مرۆڤایەتی | ٥١٧ | ١٠٩,١٧٤١ | ١٦,٩٧٢٩ | | | | |

.

**٣- ئامانجی سێیەم: زانینی جیاوازی ئاستی شێوازەکانی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی(زانستی- مرۆڤایەتی):**

دوای شیکردنەوەی داتاکان و بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test)، بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامەکان وەک لە خشتەی(٤)خراوەتەڕوو، دەریانخست ناوەندە ژمێرەیی ئاستی شێوازەکانی فێربوون، لای خوێندکارانی بەشە زانستییەکان(١١٤,٣٤٤)بوو، بەلادانی پێوەری(١٥,٩٧٢)، لەبەرامبەردا ناوەندە ژمێرەیی بۆ خوێندکارانی بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکان(١٠٩,١٧٤)بوو، بە

توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم جیاوازییە ئامارییە لە نێوان خوێندکارانی بەشە زانستی و مرۆڤایەتییەکاندا،
دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی بنەڕەتی پەیوەستن بە سروشتی پسپۆڕییەکان و پێداویستییەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیستەمی خوێندندا ڕوویداوە لە ڕێگەی پیاژۆی بۆلۆنیاوە. خوێندکارانی بەشە زانستییەکان بەهۆی سروشتی بابەتەکانیانەوە، وەک کیمیا، فیزیا، و بایۆلۆجی، کۆمپیوتەر... هتد، زیاتر ڕووبەڕووی کێشەی شیکارکردنی سیستماتیک، هەنگاوی لۆژیکی، و تاقیکردنەوەی

کرداری دەبنەوە. ئەم ئەنجامە هاوتایە بە توێژینەوەی(مزیان،٢٠٢٢) وە (الجميلي،٢٠١٣)، (سلسبيل و فطيمة، ٢٠٢٤).

**٤-٤ ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی:** دوای کۆکردنەوەی داتاکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(One Sample T-Test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی(SPSS)، بەمەبەستی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوەندیی گریمانەیی، ئەنجامەکان دەریانخست کە ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە بریتییە لە(١٢٧,٧٨٠) کە بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی دیاریکراوی پێوانەکە کە بریتی بوو لە (١١١) بەلادانی پێوەری(٢٠,٦٤٤٤)، هەروەها بەهای(تائی)هەژمارکراوە بریتیی بوو لە(٢٤,٨٤١) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥)، هەروەک لە خشتەی(٥)خراوەتەڕوو، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ بوونی جیاوازییەکی ئاماری مانادار کە ناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە. شایەنی باسە ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا هاوتایە، لەوانەش توێژینەوەی(صديق، ٢٠٢٠)کە لای خوێندکارانی بەهرەمەند ئەنجامدراوە، وە توێژینەوەی(الجبوري، ٢٠١٨، الاسدي، ٢٠١٨، الزهراني،٢٠٢٢)هەرچەندە ئەم توێژینەوانەی کۆتایی لای قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندی ئەنجامدراون بەڵام هاوتان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هۆکارەکانی هەر یەک لەم توێژنەوانە جیاوازن بەپێی قۆناغی خوێندن و ئاستی تەمەن و ژینگە و میتۆد و ڕێگاکانی وانەوتنەوە. بەڵام ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی توێژینەوەی (مهداوي،٢٠١٥)لای قۆناغی بنەڕەتی

بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی(٩٣٢)، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، جیاوازییەکی ئاماریی مانادار لە ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە بەدی دەکرێت، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە.

توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەو جیاوازییە ک لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە بۆ ڕەفتاری دۆزینەوە لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سروشتی کەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوە و ئەو سیفەتانەی لە ڕەگەزی مێدا هەیە لەڕووی ڕێک وپێکی و پابەند بوونیان بەو ئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت زیاتر بێت لە ڕەگەزی نێر. لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی زانستی پێویستی بە پەیرەوکردنی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکان و کۆڵنەدان و کونجکۆڵی و سەرنجدانی وورد هەیە کە هەموو ئەمانە لە سروشتی کەسایەتیی ڕەگەزی مێدا بوونیان هەیە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی(الجبوري،٢٠١٨)، هەروەها توێژینەوەی(Garcia,1978). بەڵام ئەم ئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی(الاسدي،٢٠١٨).

خشتەی(٥)ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای نموونەی توێژینەوەکە بە گشتی

| نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای(تائی) هەژمارکراو | بەهای(تائی) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٣٤ | ١٢٧,٧٨٠٥ | ٢٠,٦٤٤٤ ٩ | ١١١ | ٩٣٣ | ٢٤,٨٤١ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |

**٤-٥ ئامانجی پێنجەم: زانینی جیاوازی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر- مێ):**

تێکڕایی ناوەندیی ژمێرەیی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای ڕەگەزی نێر بریتی بوو لە(١٢٤,٥٢٧) بە لادانی پێوەری(٢١,٠٥٠)لە کاتێکدا تێکڕایی ناوەندە ژمێرەیی لای ڕەگەزی مێ بریتی بوو لە(١٣٠,٤٠٤) بە لادانی پێوەری(١٩,٩٤٨)، هەروەها وەک لە خشتەی(٦) ڕوونکراوەتەوە بەهای(T)بریتییە لە(٤,٣٦٦) لە ئاستی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

خشتەی(٦) جیاوازی ڕەگەز لە ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | ٤١٧ | ١٢٤,٥٢٧ | ٢١,٠٥٠ | ٩٣٢ | ٤,٣٦٦ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| مێ | ٥١٧ | ١٣٠,٤٠٤ | ١٩,٩٤٨ | | | | |

توێژەر پێی وایە ئەو هۆکارانەی وا دەکات ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای فێرخوازانی بەشە زانستییەکان بە شێوەیەکی ئاماری مانادار بەرزتربێت لە فێرخوازانی بەشە مرۆڤایەتییەکان، یەکەم هۆکار ئەوەیە پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشە زانستییەکاندا لە ڕووی میتۆدی فێربوونەوە بریتیین لە پرۆسەیەکی سیستماتیک لە ڕووی دانانی گریمانە، تاقیکردنەوەی ئەزموونی، پرسیارکردن، و شیکردنەوەی داتاکان، و گەیشتن بە ئەنجام هەر ئەم پرۆسەیەش بۆ فێرخوازان ڕاهێنانێکی بەردەوامە لەسەر پەرەپێدانی توانای ڕەفتاری دۆزینەوە و کنەکردنی زانست و سەرچاوەکانیان.

**٤-٦ ئامانجی شەشەم: زانینی جیاوازی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی(زانستی- مرۆڤایەتی):**

دوای شیکردنەوەی داتاکان و بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری(Independent Sample T-Test)، بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامەکان وەک لە خشتەی(٧)خراوەتەڕوو، دەریانخست ناوەندە ژمێرەیی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە، لای خوێندکارانی بەشە زانستییەکان(١٣٢,٣٢٣)بوو، بەلادانی پێوەری(١٩,٩٧٧)، لەبەرامبەردا ناوەندە ژمێرەیی بۆ خوێندکارانی بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکان(١٢٤,١١٦)بوو، بە لادانی پێوەری(٢٠,٤٦٣)، ئەم جیاوازییە لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار بوو، وەک لە بەهای هەژمارکراوی(T) دەردەکەوێت کە ڕێژەکەی (٦,١٥٩)بوو لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥) بە نمرەی ئازادی(٩٣٢)، لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە دەتوانرێت بگوترێت کەجیاوازییەکی ئاماری مانادار لە نێوان ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆ بۆ لقە زانستییەکان هەیە، شایەنی باسە کە ئەم جیاوزییە لەبەرژەوەندی خوێندکارانی بەشە زانستییەکانە کە ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە بەرزترە بەراورد بە خوێندکارانی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

خشتەی(٧)جیاوازی پسپۆڕی لە ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە

**٤-٧ زانینی ئاستی پەیوەندی لەنێوان ئاستی شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی:**

بەمەبەستی دیاریکردنی جۆرو ئاراستەی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)، ئامرازی ئاماری(Person Correlation)لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون(٠,٨١٥) لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٠٠)و ڕێژەی هەڵەی(٠,٠٥)، کە لە خشتەی ژمارە(٨)خراوەتەڕوو، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە پەیوەندییەکی مانادار ئاماری لە نێوان شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە دا هەیە و پەیوەندییەکە ڕاستەوانەیە، ئەمەش بەو واتایە دێت بەرزبوونەوەی ئاستی شێوازەکانی فێربوون بە واتای بەرزبوونەوەی ئاستی ڕەفتاری دۆزینەوە دێت لای نموونەی توێژینەوەکە، و بە پێچەوانەشەوە.خشتەی(٨)پەیوەندی نێوان شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| شێوازەکانی فێربوون | ٩٣٤ | ١١١,٤٩٥ | ١٦,٧٢٦ | ٠,٨١٥ | بەڵگەدارە |
| ڕەفتاری دۆزینەوە | | ١٢٧,٧٨٠ | ٢٠,٦٤٤ | | |

یارمەتیدانی فێرخوازان لە دیاریکردنی باشترین ستراتیژیی خوێندن بەپێی شێوازی فێربوونی تایبەتی خۆیان.

٥- یارمەتی فێرخوازن بدرێت و پاڵنەری فێربوون و حەزی کونجکۆڵی و کنەکردنیان تێدا دروست بکرێت تاوەکو ببێتە هۆی گەشەپێدانی ڕەفتاری دۆزینەوە لەلایان.

.

**٤- ٩ پێشنیارەکان:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لەسەر گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە لەنێوان زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا.

٢. ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە لە قۆناغەکانی تری خوێندن لای خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەیی.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەرواردکاری لەسەر شێوازەکانی فێربوون و پەیوەندی بە ڕەفتاری دۆزینەوە لەنێوان ئەو زانکۆیانەی پیاژۆی بۆلۆنیا جێ بەجێدەکەن ئەو زانکۆیانەی سیستمی خوێندی تەقلیدی  جێ بەجێ دەکەن.

٤. بنیاتنانی پرۆگرامێکی پیشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی جۆرەکانی بیرکردنەوە لای خوێندکارانی(زانکۆ، ئامادەیی، بنەڕەتی...هتد).

٥. بنیاتنانی ستراتیجی پیشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی ڕەفتاری دۆزینەوە لای منداڵانی باخچە.

| لقی خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| زانستی | ٤١٧ | ١٣٢,٣٢٣٧ | ١٩,٩٧٧٦ | ٩٣٢ | ٦,١٥٩ | ١,٩٦٠ | ٠,٠٥ |
| مرۆڤایەتی | ٥١٧ | ١٢٤,١١٦١ | ٢٠,٤٦٣٣ | | | | |

**٤-٨ ڕاسپاردەکان:**

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١- پێویستە فێرخوازان هانبدرێن بۆ دۆزینەوەی ئەو شێوازە گونجاوانەی فێربوون و بیرکردنەوە کە ئاستی زانستیان بەرزدەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ستراتیژییە جۆراوجۆرەکانی فێربوونەوە.

٢- هانی مامۆستایان بدرێت بۆ بەکارهێنانی شێوازی وانەوتنەوەی تێکەڵ کە ڕەچاوی جیاوازی شێوازەکانی فێربوون فێرخوازان بکات لە ڕووی(بیستن و خوێندنەوە و بینین و جوڵەوە).

٣- هانی توێژەران بدرێت لە خوێندنی باڵادا تاوەکو لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان شێوازەکانی فێربوون و ڕەفتاری دۆزینەوە و گۆڕاوەکانی  دیکەی وەک پاڵنەری خوێندن و دەستکەوتی خوێندندا بکەن.

٤- چالاککردنی ڕۆڵی ڕاوێژکاری ئەکادیمی لە ڕێگەی شارەزایانی ڕێنمایکارانی پەروەردەی و دەروونناسی پەروەردەیی بۆ

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1. ئەحمەد، دارا ئەوڕەحمان(٢٠٢٣): کاریگەری بەکارهێنانی هەندێک لە ستراتیجییەکانی وانەوتنەوە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان لای خوێندکارانی پەروەردەی هونەر لەبابەتی پرۆژەدا، نامەی دکتۆرا، بەشی پەروەردەی هونەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.
2. ڕۆستەم، مریم محمد(٢٠٢٣): کاریگەری پرۆگرامێکی فێرکاری- فێربوون لەسەر بنەمایی فێربوونی چالاک لە وەرگرتنی چەمکە جوگرافییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، نامەی دکتۆرا، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.
3. فتاح، ئاواز میرزا فرج(٢٠٢٤): کاریگەری پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بە تەکنیکە نوێیەکان لەسەر پەرەپێدانی لێهاتوویەکانی وێنەکێشان و بیرکردنەوەی تێڕامانی لای



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر، نامەی دکتۆرا، بەشی پەروەردەی هونەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


1. إبراهيم، نجلاء محمد علي(٢٠٠٥): "أساليب المعاملة الوالدية المنبئة بالسلوك الاستكشافي لدي أطفال ما قبل المدرسة", رسالة ماجستير غير المنشورة, كلية رياض الأطفال, جامعة القاهرة.
2. ابراهيم، هويدة أسماعيل (٢٠١٣): السلوك الاستكشافي وعلاقته بالابداع الحركي لدى اطفال المرحلة الابتدائية، مجلة كلية التربية الرياضية، جامعة بغداد، العراق.
3. الاسدي، اسعد جبار عباس (٢٠١٨): الانتباه المنقسم وعلاقته بالسلوك الاستكشافي لدى طلبة الجامعة، رسالة ماجستير، جامعة البصرة، قاعدة معلومات دار المنظومة، العراق.
4. جبر، أمل مهدي(٢٠١٨)؛ اليقظة العقلية وعلاقتها بأساليب التعلم لدىطالبات كلية التربية للبنات، شبكة المُؤتمرات العربية، المؤتمر العلمي الأكاديميالدولي التاسع، ١٨ - ١٧يوليو - تموز ٢٠١٨ ، اسطنبول، تركيا.
5. جبر، طه محمد مبروك (٢٠٢٢): فعالية برنامج قائم على المرونة المعرفية في تحسين السلوك الاستكشافي البيئي لدى اطفال الروضة، المجلة المصرية للدراسات النفسية العدد ١١٦ المجلد الثاني والثلاثون،(٢٠٢٢).
6. جروان، فتحي عبد الرحمن(٢٠١٣)؛ تعليم التفكير مفاهيم وتطبيقات،الطبعة السادسة، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، الاردن.
7. جعفر، زهرة موسى، و رواء رشيد حميد(٢٠١٥)؛ السلوك الاستكشافي وعلاقته بالتنظيم الذاتي لدى الفئات العمرية (١٤-١٢) و (١٦-١٥) سنة، مجلةديالى، العدد السابع والستون، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى،العراق.
8. الدردير، عبد المنعم احمد (٢٠٠٤): دراسات معاصرة في علم النفس المعرفي، الجزء الأول، عالم الكتب ، القاهرة.
9. الهداوي، سنايل ثعبان، كنعان الحجامي(٢٠١٩)؛ أساليب التعلم المفضلة لدى طلبة الجامعة، مجلة أبحاث ميسان ، المجلد الخامس عشر ، العدد التاسع والعشرون ، حزيران،٢٠١٩.
10. الدسوقي، وفاء صلاح الدين ابراهيم (٢٠٠٦): التفاعل بين اساليب التحكم التعليمي ومستويات حب الاستطلاع واثره على تنمية مهارات التعامل مع شبكة الانترنت ، مؤتمر التعليم النوعي ودوره في التنمية البشرية في عصرالعولمة.
11. زرواتي، رشيد (٢٠٠٨): تدريبات على منهجية البحث العلمي في العلوم الإجتماعية، طبعة الثالثة، قسنطينة، الجزائر.
12. سالم، محمود عوض الله،امينة محمد مختار(٢٠١٠) اتجاهات حديثة في علم النفس (بحوث ودراسات )، الطبعة الاول ،المكتبة العصرية للنشروالتوزيع،مصر.
13. صالح، غزوان رمضان، أطياف سعدي محمود(٢٠٢٤)؛ اساليب التعلم لدى طلبة جامعة تكريت،مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية و والإجتماعية،،عدد ٣(٣)، قسم العلوم التربوية والنفسية، كلية التربية للبنات, جامعة تكريت, تكريت, العراق
14. عبد الحميد، شاكر وخليفة، عبد اللطيف (٢٠٠٠): دراسات في حب الاستطلاع والخيال، دار غريب للنشر، القاهرة.
15. عبدالله، بيرفان(٢٠٠٥): اثر استخدام برنامجين بالالعاب الحركية والالعاب الاستكشافية في تطوير بعض المهارات الحركية الاساسية والسلوك الاستكشافي الرياضي لدى تلامذة الصف الثاني الابتدائي، اطروحة دكتوراه، كلية التربية الرياضية، جامعة الموصل، العراق.
16. عجاج، خيري المغازي بدير(٢٠٠٠): دافعية حب الاستطلاع (الابتكارية الأولية) المفاهيم النظرية والتدريبات، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.
17. عيسوي، عبدالرحمن محمد (١٩٩٠): القياس والتجريب في علم النفس والتربوية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.
18. عبدالحليم، هدي أحمد كمال(٢٠٠٩): "دور جماعات النشاط المدرسي في تنمية السلوك الاستكشافي عند الطفل", مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية, كلية الخدمة الاجتماعية جامعة حلوان, ع (٢٦), ج (٣).
19. العزاوي، رحيم يونس كرو(٢٠٠٩): المناهج وطرائق التدريس، الطبعةالاولى، دار دجلة ناشرون و موزعون، عمان، الاردن.
20. الكبيسي، وهيب مجيد، صالح حسن احمد الداهري(٢٠٠٠)؛ علم النفس العام.مطبعة التعليم العالي، بغداد.
21. الكبيسي، وهيب مجيد (٢٠١٠): الاحصاء التطبيقي في العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، العالمية المتحدة، بيروت، لبنان.
22. وقاد، إلهام إبراهيم (٢٠٠٨): أساليب التفكير وعلاقتها بأساليب التعلم وتوجهات الهدف لدى طالبات المرحلة الجامعية بمدينة مكة المكرمة، رسالة دكتوراه غير منشورة ، كلية التربية، جامعة أم القرى، السعودية.
23. مالود، فاطمة ذياب، انعام مجيد عبيد (٢٠٢٠): التصور الذهني وعلاقته بالسلوك الاستكشافي لدى طلبة الجامعة، مجلة كلية التربية، أبحاث المؤتمر العلمي الدولي الثاني/ نقابة الاكاديميين العراقيين/ مركز التطوير الاستراتيجي الأكاديمي وجامعة صلاح الدين/ كلية التربية الاساس / اربيل للمدة ١٠-١١ شباط.
24. المؤمني، حازم عيسى، أحمد حسين لبابنة (٢٠١٩): أساليب التعلم المفضلة وعلاقتها بأساليب التفكير لدى طلبة كلية الحصن الجامعية في ضوء بعض المتغيرات، المجلة العلمية لجامعة الملك فيصل (العلوم الإنسانية والإدارية)، المجلد٢٠ – العدد٢٠١٩ -١.
25. مواسي، كيان. (٢٠١٤): السلوك الاستكشافي وعلاقته بأساليب المعاملة الوالدية لدى أطفال مرحلة ما قبل المدرسة (٥- ٦) سنوات. مجلة الجامعة الأردنية، ١(١)، ١٥.


**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

14. Guneş, C. (2004): Learning styles preference of preparatory school students at Gazi University, Master thesis non published, Middle East Technical University.
15. Hardy, jay H. et al (2014): Exploratory behavior in active learning: A between- and within-person examination, Volume 125, Issue 2, November 2014, Pages 98-112.
16. Hinton, M. (1992): Learning Style and Student Achievement, Educational Leadership, 12.
17. Kawa, R. Ewa Pisula (2013); Exploratory behavior and adaptation to novelty in preschool children with autism – a preliminary report, Polish Psychological Bulletin, 2013, vol. 44(1), 21-30.
18. Keefe, J.W. (1988): Profiling and utilizing learning style. NASSP learning style series. Reston, VA: National Association of Secondary School Principals.
19. Kolb, D. (1984): Experiential learning: Experience as the source of learning and development. Englewood Cliffs: Prentice-Hall.
20. Kolb, D. (1985): Experimental Learning Experience as The Source of Learning and Development. Englewood Cliffs, New Jersey: Prentice- Hall, Ens.
21. Lawrence, G. (1984): Synthesis of learning style research involving the MBTI, Journal of psychological. type (8.)
22. Maw, W.H.& Maw, E.W. (1976): Developmental Psychology, Nature of Creativity in High and law Curiosity Boys.
23. Pashler, H., et al (2009); Learning Styles Concepts and Evidence, a journal of the association for the psychological science, Volume 9, Number 3. San Diego, USA.
24. Pisula, E., Wojciech P. (2023): Back to Actual Behavior – A Modest Proposal on the Example of Exploratory Behavior in Children on the Autism Spectrum, Integrative Psychological and Behavioral Science.58:693–710.
25. Rayner, S & Riding, R. (1997): Towards A Categorization of Cognitive Styles and Learning

1. Allen, M.&Yen, W.M(1979): Introduction to measurement theory.
2. Berlyne, D. E. (1958): An experimental study of human curiosity
3. Berlyne, D. E. (1972): An experimental study of human curiosity. British Journal of Psychology, 45, 256-26.
4. Mc Reynolds, p. (1962): Exploratory Behavior: A Theoretical Interpretation, Volume 11, Issue 2.
5. Boud, D., R. Cohen, and D. Walker. (1993): Introduction: Understanding learning from experience. In Using education for (open Unite Bi, Prod, P. Cohen, and D. Walker, 1-17. Buckingham: Society for Higher Education and open university press.
6. Cano-Garcia, F. & Hughes, E, H. (2000). Learning and Thinking Styles: An analysis of their interrelationship and influence on academic achievement. Educational Psychology, 4(20), 413 -430, https://doi.org/10.1080/713663755.
7. Dunn, K., Dunn, R., and Price, G. (1975): The learning style inventory, Lawrence, KS: Price Systems.
8. Ellis, K. (2001). Research on Educational Innovations. 3rd edition. New York: Eye on Education, Inc.
9. Felder, M. & Spurlin, j (2005): Applications, reliability, and validity of the Index of Learning Styles. International Journal of Engineering Education, 21, 103-112.
10. Felder, R. M., & Silverman, L. K. (1988): Learning and teaching styles in engineering education. Engineering Education, 78, 674-681
11. Gibson, E. J. (1988): Exploratory behavior in the development of perceiving, acting and the acquiring of knowledge. Annual Review of Psychology, 39, 1–41.
12. Goldstone, R. L, et al (2013): Psychology of Learning and Motivation, Volume 58, 2013, Pages 1-45.
13. Gregorc, A. (1982): Learning/teaching styles: Potent forces behind them Educational Leadership. 36 (4), 234-236.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

Styles, Educational psychology, Vol.17. No.1&2, pp. 5-27.

26. Robotham. d. (1999): The application of learning style in higher education teaching www.2glos.ac.uk /gdn /discuss/kolb2.htm.
27. Sternberg, R. & Grigorenko, E. (2001): "Styles of thinking in the school", European Journal for High Ability, (6.)
28. Vermunt, J.D. (1996): Metacognitive, Cognitive, and Affective Aspects of Learning Styles and Strategies: A Phenomenographic Analysis, Higher Education Journal, No. 31, Pp. 25-5.
29. Whitesitt, M.E. (1976): A Model of Elementary Art Instruction Based Up On Curiosity as Motivation. Dissertation Abstract International.Vol.36, No.9.
30. Williams, E. (2003): A comparative review of early forms of object- directed play and parent–infant play in typical infants and young children with autism. Autism, 7, 361–377.

**أساليب التعلم وعلاقتها بسلوك الإستكشافي لدى الطلبة الجامعة**

**ملخص :**

تهدف الدراسة الحالية إلى التعرف على مستويات أساليب التعلم والسلوك الإستكشافي لدى الطلبة بصفة عامة، والكشف عن الفروق الإحصائية بينهما تبعا لمتغيري الجنس والتخصص الدراسي، فضلا عن تحديد طبيعة العلاقة الإرتباطية القائمة بين أساليب التعلم والسلوك الإستكشافي، وقد اعتمد الباحث فى دراسته هذه المنهج الوصفي الإرتباطي، حيث تألف مجتمع البحث من كافة طلبة الدراسة الصباحية فى جامعة السليمانية والبالغ عددهم(٢٠٦٤٠)طالبا و طالبة، وقد تم اختيار عينة مكونة من (٩٣٤)طالبا و طلبة وفق أسلوب العينة الطبقية العشوائية التناسبية. وتمثلت أدوات البحث فى مقياس(أساليب التعلم) الذي أعده الباحث استناداً إلى أبعاد ( نموذج كولب لأساليب التعلم)، وذلك من خلال استبانة مفتوحة عرضت على الخبراء والمختصين والطلبة، بالإضافة إلى مقياس (السلوك الإستكشافي) من بناء الباحث نفسه، ولتحليل البيانات استخدمت عدة وسائل إحصائية منها المتوسط الحسابي، والانحراف المعياري، ومعامل ارتباط بيرسون، واختبار (T-test). وقد أظهرت النتائج أن مستوى أساليب التعلم والسلوك الإستلشافي لدى طلبة جامعة السليمانية جاء بمستوى مرتفع، مع وجود فروق ذات دلالة إحصائية في مستوى أساليب التعلم والسلوك الاستكشافي تبعا لمتغير الجنس ولصالح الإناث، وكذالک وجود فروق دالة إحصائيا تبعا لمتغير التخصخ الدراسي ولصالح التخصصات العلمية، كم تبين وجود علاقة ارتباطية طردية موجبة بين أساليب التعلم والسلوك الإستكشافي، بحيث تؤدي ذيادة مستوى أحدهما إلى زيادة مستوى الآخر وبالعكس، وفي ضوء ما تم التوصل إليه من نتائج، قدم الباحث في ختام دراسته مجموعة من التوصيات والمقترحات العلمية.

**الكلمات المفتاحية:** التعلم، أساليب التعلم، السلوك، السلوك الاستكشافي، طلبة الجامعة.

**Learning styles and their Relationship to Exploratory Behavior among University students**

**Abstract:**

The aim of this study is to identify the relationship between learning styles and Exploratory Behavior among students of Sulaimani university, to know their differences based on the following demographic variables: (gender, specialty), and knowing the level of Learning styles and Exploratory behavior. The researcher has used a descriptive and correlative method as a method of the study. The participants were the students of Sulaimani University for morning class which were (20640) students. The sample consisted of (934) male and female students who were randomly chosen using a suitable stratified method. The researcher has used Learning Styles measurement which was created by the researcher based on Kolb's model domains, as well as the Exploratory Behavior measurement which were prepared by the researcher. The researcher has used these techniques in IBM SPSS (Mean, Std-deviation, Pearson and T-Test). The results indicated that: The level of Learning Styles and Exploratory Behavior were high among students. There are significant differences between genders in Learning Styles and Exploratory Behavior in favor of females. There are significant differences between specializations in favor of scientific. The relationship between Learning Styles and Exploratory Behavior is a direct relationship, as the level of one increase when the other increases. In light of the results, the researcher presents some recommendations and suggestions

**Keywords:**Learning,LearningStyles,Behavior, Exploratory Behavior, University Students.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12318]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [22/02/2026], **Accepted Date:** [04/6/2026], **Published Date:** [30/06/2026]